السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو نوێژێکدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو نوێژێکدا».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە ئامۆژگاری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئومەتەکەی وخۆشویستنی خێر بۆیان، وهەوڵی داوە کە ئەو کردەوانە بکەن کە سوودی دەبێت بۆیان، بۆ ئەوەی خۆشبەخت بن ئامۆژگاریانی کردووە بە سیواک کردن، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوودە زۆرەکانی زانی؛ لەوەدا بوو کە ئومەتەکەی پابەند بکات بەوەی لەگەڵ هەموو دەستنوێژ ونوێژێک سیواک بکەن، بەڵام بە هۆی ڕەحمەت وبەزەیی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرامبەر ئومەتەکەی ترسا لەوەی کە فەرزی بکاتە سەریان، لەوەیە ئەنجامی نەدەن وتاوانبار بن، بۆیە فەرزی نەکردە سەریان وەکو ترسێک لە سەریان وبەزەییەک بەرامبەریان، ولەگەڵ ئەمەشدا هانیانی دا وئامۆژگاریانی کرد بە سیواک کردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3364

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee